# ئیسلامیەكانی كوردستان
# دەیانەوێت بە دژایەتی كردنی ئەوروپای زەندیق ئابڕوی خۆیان بكڕنەوە

ئەردەشێر شۆڕش/ ardasher21@hotmail.com

لەدوای ئاشكرابوونی گروپە نێربازەزكەی شێخ زاناوە كە بە(جیهادی نێربازی و سەربڕین) درێژەیان دابوو كە كارو خەباتی خۆیان، هەموومان ئەو شەوە ترسناكەی پەخشی تەلەفزیۆنی دانپیانانەكانی ئەو ناشێخەمان لەبیرە، ئیتر گەلۆ ئەمەیە نەهج و پڕۆگرامی هەموو گروپە ئیسلامیەكان، ئیتر پێویستی ئەوەی ناكات ئەوان پۆزش بۆ هیچ بێننەوە چونكە تێربووین لەو درۆ و دەلەسە و لەخشتە بردنەی بەناوی خودا و پیرۆزیەكانی میللەت.

ئێمەی كورد لەو پارچەیەی كوردستان و تەواوی پارچەكانی تر پێویستمان بە پاڵپشتی هەموو ولاتێكی بڕیار بەدەست و قەڵەمڕۆیشتوو هەیە و هەر ئەو ولاتانەش ئەوە ماوەی زیاتر لە سەدەیەكە بە چاك و خراپ پشتی كوردیان گرتووە و هەر ئەوانیش چاوی سەركردەكانی ئێمەیان كردەوە بۆ چۆنیەتی كار و خەبات، ولاتانێكی وەك ئێران و توركیا و سوریا كە داگیركەری بەشێكی كوردستانن هەمیشە ناكۆك بوونە لەگەڵ ئەو دۆستە لەمێژینانەی ئێمە و هەموو كاتیش دژایەتی ئاشكرا و نهێنیان دەكەن و هەر ئەوانیشن گروپی لە چەشنی شێخ زانا و ئیسلامیەكانی لای خۆمان كۆمەك دەكەن بۆ دژایەتی كردنی كورد و دۆزە رەواكەی بە دۆستەكانیەوە.

ولاتانی عەرەبی بە گشتی و نەتەوەی عەرەب ئیمڕۆ وەك دیارە لەسەر لێواری گۆڕێكی رەشی چەشنی مێژووە خوێناویەكەیاندان، شارستانیەتی عەرەب(شارستانیەتی تالان و دزی و شمشێر و داگیركاری و خوێن رشتن و رەشەكوژی و جینۆساید و مێ و نێربازی و..هتد) ئەمڕۆ دەخوازن بەهەمان بۆچوونی بیابانیان لەسەر تاكە وێنە یاخود كاریكاتێرێك جەنگی بەدر و ئوحود بەرپا بكەنەوە و مەنجەنیقەكانیان روەو باڵیۆزخانەكانی ئەوروپا ئاراستە بكەن و لە شوێن كاولكردن و كوشتن و وێرانكردنی هەر شتێكی مۆدێرن (رەبابە و وشتر و دارخورما و عەگال و دارسیواك و تەسبیح و منارەی مزگەوت و شمشێر)

زیندووبکەن و بەناوی خودا و شیعرەکانی محەمەدەوە بە خەونی وشتری خۆیان جیهان بهێننە لەرزە.

دیارە گروپە ئیسلامیەکانی لای خۆشمان بە هەمان خەون و خەیاڵی پان عەرەبیەوە دەژین و بەهەمان ئەقڵیەتیش بیردەکەنەوە بۆیە وا بڕیارە سێشەمە٢٠٠٦/٢/١٤ بۆ دژایەتیکردنی سوکایەتی کردن بە موحەمەدی ئیسلام رێپێوان لە پایتەختی هەرێمی کوردستان شاری هەولێر ئەنجام بدەن، ئا ئەوەیە گاڵتەجاڕی کە حکومەتێك داوای دۆستایەتی و لێکحاڵیبوون و مەدەنیەت بکات و لێوانلێو بێت لە کێشە نەتەوەیی و ناسنامەی نەتەوەیی رێگە بە وەها کارێك بدات، داوا لەسەرجەم رۆشنبیر و نەتەوەپەرستانی گەلەکەمان دەکەمەوە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کە بۆ دژایەتیکردنی ئەم کارە نا کوردایەتیانەی ئیسلامیەکانی کوردستان هەڵوێست وەربگرن و رێگەیان لێ بگرن چونکە رەنگە ئەمەش سەرەتایەك بێت بۆ زیندووکردنەوەی جیهادی سەربڕین و خۆتەقاندنەوە و نێربازی لە هەولێر.

## ئەمە نوسخەیەکە لە بەیاننامەی رێپێوانەکە لەلایەن کۆمەڵی ئیسلامەوە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهربان

**ب / ئاگاداری**

بۆ جەماوەری موسڵمانانی شاری هەولێر : السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته

﴿فالذین آمنوا به وعزروه ونصروه واتبعوا النور الذی أنزل معه أولئك هم المفلحون﴾الأعراف(157)

واتە : ئەوانەی بڕوایان بە پێغەمبەر ( محمد ) (صلی الله علیه وسلم) هێناوەو بە گەورەیان داناوەو بەرگریان لێکردوە و سەریان خستوە، شوێن ئەو رووناکیەی کە لەگەڵی دابەزیوە کە( قورئان )ە کەوتوون ،ئەوانە سەرفرازن .

جا بۆ ئەوەی عیزەتمەندی دونیاو سەرفرازی قیامەت بین و لەبازنەی ئوممەتی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) بەدەر نەبینوو بە ئوممەتی ئەو حیساب بین ..

با بە خۆمان و خێزان و منداڵەکانمان بەشداری بکەین رۆژی سێشەممە لە رێپێوانی نارەزایی بەرامبەر بەو کەسانەی کە سووکایەتیان بەرامبەر بە پێغەمبەری سەروەرمان کردووە ..

ئەو رۆژەی نەچینە هیچ دەوام و ئیش و کارێکمان .بەڵکو تەرخانی بکەین بۆ رەزامەندی خوداو سەلماندنی ناسنامەی ئیسلامەتیمان ..

جا ئەوەی بە هەر بیانوێك بەشداری نەکات ئەوە با لەئیمان وئیسلامەتیەکەی بترسێ ..

فیدات بین ئەی پێغەمبەری سەروەرمان بە گیان و دایك و باوك و ماڵ و منداڵ و هەموو شتێکمان ئەی گەورەی هەموو پێغەمبەران .

<u>تێبینی :</u>

١- مۆڵەتی رەسمی لە وەزارەتی ناوەخۆی حوکمەتی هەرێم وەرگیراوە .

٢- تکایە هەرکە بەدەستتان گەیشت لە پێناو سەرخستنی پێغەمبەرمان(صلی الله علیه وسلم) بەلایەنی کەم (10) دە ژمارەی (إستنساخ )بکەو بڵاوی بکەرەوە . خودا پاداشتان بداتەوە

٣- هەواڵی شوێن وکاتی رێپێوانەکە لە رۆژی دوو شەممەو شەوی سێ شەممە لە کەناڵەکانی ( رادیۆ و تەلەفزیۆن )ی کۆمەڵی ئیسلامی وەربگرن .

والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاتة

لیژنەی بەرگری کردن لە
پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)